# 21ی 03 ڕۆژی جیهانیی شیعر

سیروان کاروانی

مانگی مارس هەروەک مانگەکانی تر پڕە لە یادەوەریی تاڵ و شیرین. هەرموو ساڵێک لەم مانگەدا، چەندین فێستیڤاڵ ڕێک دەخرێن و جۆرەها ئاهەنگ بەزۆر بۆنەوە دەگێڕدرێن و، جگە لەوانەش چەندین بیرەوەریی تاڵ کە لەم مانگەدا ڕوویان داوە، تا ماوەیەک ساتەکانی مرۆڤ تژ دەکەن لە نائومێدی و مرۆڤ دەخەنە زەریای قووڵی غەم و پەژارەوە.
هەروەک 21ی 03ی هەموو ساڵێ لەناو گەلی کورددا جەژنی نەورۆزە، لە جیهانی کولتووریشدا هەر ئەم ڕۆژە بووە بە ڕۆژی جیهانی شیعریش.
ئۆرگانی کولتووریی نەتەوە یەککرتووەکان لە کۆنگرەی گشتیی خۆیدا ساڵی 1999 بڕیاری دا کە 21ی 03 بە ڕۆژی جیهانیی شیعر "World Poetry Day" دابنێ.

هەروەک لەم ڕۆژەدا و لە زۆر شوێنی جیهاندا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی شیعرەوە فێستیڤاڵ ڕێک دەخرێ، بەم بۆنەیەوە چەندین خەڵاتی شیعر دابەش دەکرێ. خۆزیا لەناو ئێمەی کوردیشدا، هەر لەم بۆنەیەدا دروشمێکی تری جەژن بەرز دەکرایەوە و خەڵاتی شیعر دابەش دەکرا.

لە بڕیاری ئۆرگانی کولتووریی نەتەوە یەککرتووەکاندا هاتووە کە لەم 20 ساڵەی دواییدا شیعر زیاتر ناسراوە و ددانی پێدا نراوە، شیعر شێوازێکە مرۆڤ دەتوانێ لە خۆیدا ببینێ لە سەردەمێکدا کە جیهان لە دەرەوە بەرتەنگ دەبێتەوە.
هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێ، شیعر خوێندنەوە وەکوو شێوازێک دەبینرێ کولتووری گوتن بیووژێنێتەوە کە پێش زمانی نووسین هەبووە. لە بڕیارەکەدا هاتووە کە شیعر و شاعیر هەمیشە لەلای میدیاکان و ئەوانی تردا بەڕاست و دروستی وەرنەگیراون. لەبەرئەوە ڕۆژێکی تایبەت بۆ بەرزڕاگرتنی شیعر دانرا!
ئۆرگانی کولتووریی نەتەوە یەککرتووەکان بەو ئەو هیوایە دەنوێنێ کە ڕۆژی جیهانیی شیعر هاندانێک بێت بۆ بزواندن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و شیعر ببێتە بەشێکی گرنگ لە هونەری پەروەردە لە خوێندنگەکاندا، کە خوێندنگە لە چەندین مژادەدا بتوانێ ئەو ڕۆژە بە جەژن بگێڕێ. هەروەها هیوای ئەوەیە کە خەڵاتی زیاتری شیعر بکرێت و دەستەڵاتدارانی ناوچەییەکان لەگەڵ ئەو ڕۆژەدا کار بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا ماڵپەڕێکی تایبەتیی بۆ دەزگای شیعرییەکان، گۆڤارەکان و ڕووداوەکان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا کردۆتەوە.

لەگەڵ جەژنی نەورۆزدا، ئەم ڕۆژەش لە تێکرای شاعیران | بە تایبەتی شاعیرانی کورد پیرۆز دەکەم.

2005/03/21

خاکەلێوە، 2705/01/01ی کوردی